ڕۆشنبیری گشتی و ئیسلامی. زانست و ئیمان
پەیامی قیبلە

# عومەر عەلی و شێخ عوسمانی بیارەو فڕۆکەخانەی سلێمانی (١٠٠ حەقیقەت)

## پەیامی بیرفراوانی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە

٢٢

# عومەر عەلی و شێخ عوسمانی بیارەو فرۆکەخانەی سلێمانی
# (١٠٠ حەقیقەت)
## پەیامی بیرفراوانی

د. عومەر عەلی

٢٠١٩

ژمارە (٢٢)

ناوی کتێب: عومەر علی و شێخ عوسمانی بیارەو فرۆکەخانەی سلێمانی(١٠٠حەقیقەت)
نووسەر: د. عومەر علی
دیزاینی ناوەوە: عبدالله خاکی
دیزاینی بەرگ: توانا ئەحمد
چاپخانە:
تیراژ:
نرخ:

ژمارە ( )ی ساڵی ( )ی

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان پێدراوە

بسم الله الرحمن الرحیم

ئێمەو مانان چوون کۆنە ئیسلامین قورئانی ماڵی خوا بکەینە ملمان هەندێك کەس باوەڕمان پێ ناکەن! ئەو هەندەش کەسانێکی بەرژەوەندخوازی حیزبی و دژە دینیەکانن! یان ئەوانەی لەلایەن ئەوانەوە خەڵەتێنراون بە بندیوارێك یان پلە گۆشتێکی بەراز! جا هەر ئەوانە باوەڕیان بە کۆنە بەعسیەکان هەیە، بەرپرسیاریەتیشیان دەدەنێ و خانەنشینیشان دەکەن! نازانم منێکی کۆنە ئیسلامی سەردەمی بەعس گوم دەکرد بە خۆما بۆ دەبێت تاوانبار بم! بەڵام کۆنە بەعسیەکان گویان دەکرد بە میللەتا ئەوان بێ تاوان! من ئەگەر تاوانباریش بم باجەکەم دایکم داویەتی، بە کتری ئاوی گەرم کردووەو پاکی کردوومەتەوە، بەڵام ئەوان میللەتێك باجەکەی داوە! لەبری ئەوەی بە تانکەر پاکی بکەنەوە، کەچی بە تانکەر دیسان ئەودیوی دەکەن و پیستری دەکەنەوە! ئێستەش ئافرەتمان هەیە مێردەکەی بووەتە قوربانی ئەو کۆنە جاشانە! داماوە نە حسابی بێوەژنی بۆ دەکرێت نە مێرد مردوو، خۆشی نازانێت کە باسی مێردەکەی کرا بڵێ: خوا عەفوی بکات یان بڵێ: تەمەنی درێژ بێت! ئێوە ئەم نوسینانە دەخوێننەوە پێدەکەنن! خوا بۆ خۆی دەزانێت

من زۆرجار گریان دەموەستێنێت، ئاخر چۆن نەموەستێنێت کە قورئان بەو عەزەمەتی خۆیەوە بۆ ژنی پیاو مردوو چوار مانگ و دە رۆژی داناوە ئارامبگرێت و دواتر شوبکاتەوە، گەر تەڵاقدراویش بێت سێ مانگ و چەند رۆژێك، کەچی ئەوان نەك ئافرەتەکانیان کرد بە قوربانی، کچەکانیشان کرد بە قەیرە! ئێستەش بەوەوە وازیان لێ ناهێنن! بابای فیمەنیستیشیان کردووەتە گیانیان بەناوی ئازادیەوە بیانکەن بە دژی دین و لەشیان مامەڵەی پێوە بکرێت! من ئێستە ئەم قسە دەکەم لەسەریشم دەکەوێت! بەڵام بۆ ئەو خوشك و دایکانەی دەکەم کە باوەڕم پێ دەکەن! لە دونیای دیموکراسی هەتا ئەوروپاو ئەمەریکای ئەمرۆشدا گەورەترین بازرگانیان پێوە دەکەن، ژنان چەوساوەترین چینی کۆمەڵگەن! لە کوردستان کتێبێك نوسرا بەناوی ئۆقیانوسێك لە تاوان، بەڵام ئەوانەی ئەوروپاو ئەمەریکا لە چاویدا قەترەیەکە لەو ئۆقیانوسە! ئەمەی من دەیڵێم ئەنجامی خوێندەوەی کتێب نی یە لەسەر ئافرەت! هەرچەند بەلانی کەمەوە تا ئێستە دوو هەزار کتێبم خوێندووەتەوە، جگە لە مەقالات و سەیرکردنی بەرنامەی دوکومێنتری کە زادەی چەندین کتێبن ئەوانیش.

تا ئێستە بە ژمارە ١٩٠ سەفەری وڵاتانی جیهانم کردووە، ١٠٠ قەومی جیاوازم دیوە، بەلانی کەمەوە ٤ زمان بە ئاسانی دەزانم، لە فەڕاشیەوە تا مامۆستای زانکۆ کارم کردووە، هیچ شتێك لەخۆمەوە ناڵێم، ئامادەم مێزگردی گفتوگۆ (نەك موناقەشە) بکرێت و دانیشین

باسی لێوە بکەم، بەڵام بەداخەوە ئافرەتان چینێکن زوو هەڵدەخەڵەتێن، نەڵێن وا نی یە! هەر لە ئەوروپاو ئەمەریکای ئێستە کە بە حساب بەرزترین مافیان هەیە.

وەك کاڵا مامەڵەیان پێوە دەکرێت! لای ئێمە مافیان تەنها لە موچەیەکی کەمدا کۆکردووەتەوە!

ئاخر عەزیزانی من، ئەو ئافرەتەی کە مێردەکەی دیار نی یە، چ لە شەڕی نێوان عێراق و ئێراندا بوو بێت، چ لە شەڕەکانی ناوخۆدا بێت، موچە چۆن قەرەبوی ئەمە دەکاتەوە؟! تا منداڵەکانی گەورەکردووە هەموو رۆژێك دەیخەڵەتاندن، دەیگوت: کوڕە جوانەکەم کچە عەزیزەکەم دەی دەی نانەکەتان بخۆن ئەوە باوکتان هاتەوە! ها ئەوەتا دەنگی دەرگا دێت دەڕۆم دەرگاکەی بۆ دەکەمەوە، ئێوە نان بخۆم ئەوە من ئێستە دێمەوە، دەرۆشتە بەر تەنکی ماڵ و تێر بە کوڵەوە دەگریا! دواتر بۆ ئەوەی منداڵەکانی گومان نەکات و نانەکەیان بە رەحەتی بخۆن دەیگوت: نا ئەوە گریان نی یە، دەموچاوم شت! ئێستەش کە منداڵەکانی گەورە بوون و حەقیقەتەکە تێگەشتوون! دیسان فلیمەکە پێچەوانە بووەتەوە، ئەمجار منداڵەکان بە دایکی دەڵێن: دایکە گیان مەگری نانەکە بخۆ، ان شاء الله باوکمان دێتەوە، ئێمە لە فلیمی هندیدا شتی وامان دیوە.

ئێمە میللەتێکین مەگەر هەر خوای گەورە خۆی لە قیامەتدا کەیسەکانمان یەکلای بکاتەوە، بەشێوەیەك ئاڵۆزگاوە بەسەر یەکدا، نەك ئەم دادگا نا دادگەرانە ئەگەر دادگەریش بن فریای هەموو کەیسەکان ناکەون.

هەتا مسوڵمانەکانیشمان لە دین حاڵی نەبووین، دوو رکات نوێژی کرد ئیتر دەیکاتە منەت بە ملی خواوە، دەڵێی خوای گەورە کەسێکی هەژارەو لەسەر شەقام دانیشتووەو چاوی لە ئێمەیە بە فیزو تەکەبورەوە ٢٥٠دیناری ئەم تەبعەی بۆ فڕێ بدەین! سەیری قورئان ناکەین کە دەفەرموێت منەت مەکەن لەوەی مسوڵمانن، بەڵکو خوای گەورە منەتتان بەسەردا بکات کە هیدایەتی داون بۆ ئیمان (**يَمُنُّونَ عَلَيْكَ أَنْ أَسْلَمُواۖقُل لَّا تَمُنُّوا عَلَيَّ إِسْلَامَكُمۖبَلِ اللَّهُ يَمُنُّ عَلَيْكُمْ أَنْ هَدَاكُمْ لِلْإِيمَانِ إِن كُنتُمْ صَادِقِينَ**)[١] بەڵام ئێمە کاکە قورئانمان بۆ زیندوو نی یە، تەنها بۆ مردوومانە، هەرکە مردین بە هەڵەوداوان ئادەی راکە کەسێك بهێنە بۆ قورئان خوێندن، زۆرترین پارەشی دەدەینێ، قورئان خوێنمان هەیە ملیۆنەرن ئەوەندە پارەیان دەستکەوتووە لەمەدا، بەڵام ئێمە کە خۆمان زیندووین قورئان ناخوێنین بە بەلاش، بۆ مردوو پارەی پێ دەدەین! لە ناخەوە دەگیرم بۆ ئەو کەسەی دێت و موناقەشەم لەگەڵدا دەکات و کۆڵ نادات و منیش چاك دەزانم لە کوێی بەدبەختیدایە! من رۆژێك لە رۆژان بەو نەزانیەدا تێپەڕیوم، بەڵام ئەو نە وەك من دونیای دیوە نە عیلمیشی

[١] **الحجرات١٧.**

خوێندووە، ئەمە بۆ ئەوە ناڵێم تا سبەی خۆمی پێ بکەم بە ئەندام پەرلەمان، لە رابردوودا ئەو ئۆفەرەم رەد کردووەتەوە.

کابرا سیقەمان پێ دەکات کچ و ژنی خۆی لەگەڵماندا دەنێرێت بۆ سەفەرو لە ماڵمان دایدەنێت، پارەکە ناژمێرێت دەمداتێ بەڵام کە باسی حەقیقەتی بۆ دەکەیت وەری ناگرێت! دەکەوێتە دەمە دەم لەگەڵت، ئاخر گەر شەهوەت بەرچاوی نەگرتوویت کامەی عیلمە ئەمە، لەبری ئەوەی پیاوی خوا بیت و بە ئازادی بژیت دەبێتە کۆیلەی خەڵك و بە کزۆڵی دەژی. شتەکانیان هەمووی لە مادەو لە پێناوی مادەدا کۆکردووەتەوە. لە سلێمانی دوو ملیۆن دۆلاریان خستە بەردەستم کە ئەمینداریان بم و پشکم هەبێت لە بەریتانیا لەگەڵیان، بەبێ پارەی من، خۆ چینەکە سیاسیش نەبوون، با خەڵك بە بێ ئەقڵیشم بزانێت! من کارم بە قسەی خەڵکەوە نی یە لە ئوموری حەڵاڵ و حەرام و شوبهاتدا، لەمەدا ئیمامی ئەبو حەنیفە من بە ئیمامی خۆمی دەزانم، کە بۆ شوبهەیەك وازی لە بازرگانیەکەی هێنا، قۆڵی لێ هەڵماڵم و تەنها مادەم مەبەست بێت پارەی خەیاڵی پەیدا دەکەم، هەر بە کۆمپیوتەرەکەم بەقەدەر ئەندام پەرلەمانێك و وەزیرێکیش پەیدا دەکەم، یەك ساڵ ئیشی مارکێتینم کرد سەد هەزار دۆلارم پەیدا کرد کە شەهادەشم تێیدا نی یە، کابراش زانکۆی سلێمانی و سەلاحەدین تەواو دەکات و شەهادەش دەهێنێت لە بازارگەریدا خەریکە

دەمرێت لە برسا، تەکنەلۆژیاش لەبەردەستیداهەیە، چوون زانکۆکەی و تەکنەلۆژیاکەش وەك قات و ڕیبات هەر لەبەری کردووە، نەرۆشتووەتە ناخیەوە.

یەك هەڵەم لە کارەکەدا دی وازم لە مارکێتین هێنا، چوون یەکسەر قسەی ئەو شێخەکەم کەوتەوە یاد کە باسی ئیمامی ئەبو حەنیفەی بۆ کردبووم، ئاخر عەزیزان عیلم ئەمڕۆ سوك کراوە، بۆیە سودی نی یە، تۆ کە لە خزمەتی شیخێکدا دادەنیشیت و عیلم وەرەگریت، هەم عیلمەکەو هەمیش ئەدەبەکە وەردەگریت، ئەمڕۆ زاناکان و شێخەکانمان سوك کراون لای خەڵکی.

(٤) سەعات میکیاژی کردووەو ٥ دەقە نەیخوێندووە! قاچ دەخاتە سەرقاچی و بە فیزێکەوە بەرانبەر مامۆستاکەی دەڵێ: من پێم وایە ئەمە دیوێکی تری هەیە! نابێت ئەمرۆ عەسری تەکنەلۆژیە دەدەدەدە هەر قسەدەکات! بەمەرجێك فەیسبوکەکەی لە بازار ٥ هەزاری داوە بۆی بکەنەوە! ئاخر ئەمە لە کوێ و ئەوە لە کوێ کە لە حوجرەدا دەخوێنرێت، ئێستەش ئەوەندە شەرم لە مامۆستاکانی حوجرەم دەکەم کە دەیان بینم وەك پۆلی یەکی سەرەتایی خۆمیان لێ دەشارمەوە. ئیمامی ئەبو حەنیفە وازی لە بازرگانیەکەی هێنا لەبەر چرچی یەك پارچە قوماش کە هاوڕێیەکی فرۆشتبوی و زیکری عەیبەکەی نەکردبوو، پارەکەشی دابە هەژارو وتی ئەم توجارەتە توشی حەرامم ئەکات، وازی لە توجارەتی دونیای هێناو دەستی دایە توجارەتی قیامەتی، ئەبو حەنیفە بوو بەو زانایەی کە من هەرناوەکەشی دەبیستم

ئەوەندە چێژم دەداتێ دەڵێی بە تەیارە بە ئاسمانا دەمگێڕن. بۆیە حوجرە نالی و مەحوی بەرهەمێناو زانکۆکانی ئەمرۆ....!

دەم دەکاتەوە دەڵێ: ئیمامی شافعی چی یە! یان ئیبن و تەیمیە کێیە! کەسێك خوێندەواری نەبێت باشترە بێ دەنگ بێت، نەك ئاوا قسە بکات، تەنها فەتاواکەی شەیخی ئیسلام ئیبن و تەیمیە بەقەدەر ٥٠ بڕوانامەی دکتۆرایە، ئیمامی شافعی ئاستی زانستی بەقەدەر تەواوی مامۆستاکانی زانکۆیەکە، کوا بەرهەمی هەمووتان کۆ بکەنەوەو سەیری ئەوانەی ئیمامی شافعیش بکەن! کابرا زانکۆی تەواوکرد ئیتر وا دەزانیت تەواو ئیتر، نازانێت کە زانکۆت تەواوکردن ئەوسا خاڵی دەستپێك و خوێندەواری دوای زانکۆی دەستپێدەکات. ئێمەش شتومەك نەما بازرگانی پێوە نەکەین هەر لە تەنەکە کوتەی نەوەدەکانەوە تا گەشتە دینی میللەتەکەش، خەڵکیش هوشیار نی یە! یەك ساڵ موچەی پێمەدە یەك مانگ بە تەواوی بیدەرێ سەرچۆپی دەگرێت و کون بە کون بەدوای لۆتیەکدا دەگەڕێ، ١٥٠دۆلار دەدات بۆ بەشداری لە بۆنەیەکی بێ ئابڕویدا کە سودی ١٥٠ سەنتی نی یە. باسەکان ئاوکێشە، چوون ئێمە بوارمان نەبووە لە جێگەی خۆیداو لە کاتی خۆیداو بە دروستی و دڵسۆزیەوە بە هاوڵاتیانی خۆمانی بگەیەنین. ئیتر باوەڕ بکەن و نەیکەن من خاك و وڵاتی خۆم خۆش دەوێت، چوون خوای گەورە بە شێوەیەك مرۆڤی دروست کردووە هەر فیطری خۆشی بوێت، بەڵام سنوری بۆ داناوین و ئاگاداری کردووین سنورەکە نەبەزێنین،

لە قورئانیشدا ئەمە یەکلا کراوەتەوە کە کەس تاوانی کەس هەڵناگرێت، ئیتر بۆ من رقم لە قەومێکی تر بێت، با لە چینەکەی ئەودا ستەمکارێکی تێدا بوو بێت **(وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ)**[1] ستەمارێك لەناو توركدا عەرەبدا فارسدا بوو بێت! من چۆن دەبێت؟ ئەوەندە کەلەپوت بم یەقەی بێ تاوانێکی لەسەر بگرم، واللە چی یە؟ ئەمە عەرەبە یان فارسە تورکە! من قورئانم لەبەردەستەو دەفەرموێت **(إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)**[2] منێکی بێ وڵات! ئەوە چی یە؟ وام لێ بکات حساب بۆ خاوەن وڵاتەکانیش نەکەم! ئەی ئیشی ئەم سەرە زلە چی یە خوا داویەتی پێمان.

دەبێت تاوانبار خۆی باجی تاوانەکەی بدات، ئێمە خراپ ئەوەمان لێکداوەتەوەو بەهۆیەوە کەسانێك ستەمیان لێ دەکەین! وە کەسانێکی تر دەکەین بە سەرۆك و گەورەمان هەر بەهۆی باو باپیرانیەوە! ئەمە چ لۆژیکێکە دەڵێن ئێمە مسوڵمانیشین، لە کوردستاندا کەسی کامڵ و دەنگدەر ناگاتە ٢ ملیۆن کەس! بە هەندێك لە مردووەکانیشەوە! کەچی تەنها لە ئەندەنوسیا ٢٤٤٠٠٠٠٠٠ دوسەدو چل و چوار ملیۆن بەس مسوڵمان هەیە، نە بە شمشێریش بوو، نە بە مەلاو خوطبەش بوو! تەنها لە رێگەی چەند بازرگانیکەوەو سەیری ئەخلاقیان کردن و مسوڵمانیان وەرگرت.

[1] فاطر١٨.
[2] الحجرات١٣.

ئێمەش بازرگانەکانمان هەر کاڵایەك لە چین و تورکیاو ئێران کەس نەیەوێت دەیهێنن و بە ریکلام و قەسەم و قورئان ساغی دەکەنەوە، قورئان دەخوات! دەڵێ: دەرەجە یەکە، ئەی قورئانم دابەکژتا بۆ خۆت و کاسپیت و بۆ ئەخلاق و کوردەواریەکیش کە وەرت گرتووە.

کام حیزب بەهێزە بە دەیان ساڵ تا کۆنگرەیەك دەبەستێت پارەی دونیاو تەکەتول و باڵباڵێنی هەمووی بەکار دەهێنێت کە لەقاعەیەکدا چەند سەد کەسێك کۆببنەوە، ئیسلام ساڵانە، لەگەڵ هەموو رێگری و بەرتەسك کردنەوەیەکیشدا کۆبوونەوەی چەند ملیۆنی بە ئەندامەکانی دەکات (حەج)، لەسەر حسابی خۆشیان، ئاخر ئەمە بە فوی تۆ چۆن ئەکوژێتەوە! ئەم ئیسلامە چۆن بەراورد دەکرێت بەم هێزە دونیاییانەوە.

لە بەریتانیا لە بەپێی ئیعترافی دەزگا بەرزە ئیعلامیەکانی خۆیان دەڵێن: هەرچی دین هەیە لە بەریتانیا لە بەرانبەر ئیسلامدا دای بنێ، ئیسلام بە تەنها دە ئەوەندەی ئەوان خێراتر دەڕواتە پێشەوە، فەرەنسا بە شەڕ جەزائیری داگیرکرد، لەو کاتەدا زاناکان وتیان: هەرکەس بڕواتە بەرەی فەرەنساوە کافرە، نابێت پشت لە خۆمان بکەن و بۆ دونیا پشتی ئەوان بگرن، شەڕ تەواو بوو هەر لە رێگەی جەزائیریەکانەوە فەرەنسا ئێستە ئاگریان تێبەربووە، لە داخاندا رۆژێك نیقاب مەمنوع دەکەن و رۆژێك کێچەڵێکی تر بە مسوڵمان و هەتا کوردیش دەکەن، بۆ تیرۆری ٣ کەسایەتیە گەورەکەی پەکەکە قابیلە لەبیرمان چووە! کوا ئەنجامەکەی؟

تەنها بەس رێگە بدرێت باسی ئیسلام بۆ خەڵکی بکرێت خەڵکی وەری دەگرێت، ئیسلام خاوەن لۆژیك رەدی ناکاتەوە! من ئێستە ئەم قسە دەکەم لە کتێبدا دەرم نەهێناوە، بەڵام هەروەکو مەوقعیەتی ئاست و شەهادەکەشم، هەر بە پێوەری دونیای، قسەکەی من سەرچاوەیە، چوون دکتۆرم و دکتۆرام هێناوە، تا ئێستە سەدان و بگرە هەزارانم دواندووە لە بەرانبەر یاسای خوای و دەقە دینیەکاندا، ئەو شەهوەت بەکار دەهێنێ، بەشەهوەت و لە رووی شەهوەتەوە دین رەد دەکاتەوە، حەزی لە مەشروبەو بۆی تەرك نادرێت دێت دەڵێ حەڵاڵە، ئاخر کاکە خۆ ئەوەتا دونیا باسی خراپی و کارەساتەکانی مەشروب دەکات، تۆ کۆنترۆڵی ئەم شەهوەتەت پێ ناکریت ئیتر دەمدرێژیەکەت لە جێگەی خۆیدا نی یە.

باشە خوا چی بکات بۆ تۆ؟ تا قبوڵی بکەیت! هەزار جۆری میوەی بۆ دروستکردوویت و ئاوەکەی بگرەو بیخۆ نۆشی گیانت بێت، بەڵام سەرخۆشکەرەکە مەخۆ، دەشی خۆیت برا کەیفی خۆتە، بەڵام مەڵێ حەڵاڵە! دەم مەکوتە لە قسەی خوای گەورەدا! لەم ئەوروپا ئافرەتەکانیان شەوانە دەبرێنەوە بۆ تەنها شەوێك، کە موستەڵەحی تایبەتی بە خۆشیان هەیەو پێی دەڵێن: One Night Stand

واتە: یەك شەو مانەوە، هەتا موتعەکەی شیعەش کە حەرامەو باوەڕمان پێی نی یە هەزارجار بە قوربانی ئەمە بێت، هەرچی زانست و تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەکانی دونیا هەیە هەمووی لەدەوری نیعمەت و دروستکراوەکانی خوای گەوردا دەسوڕێتەوە،

کەچی بابای بەناو رۆشنبیرو بێ باوەڕ دێت دژی خواو بەرنامەکەی دەبێتەوە، لەگەڵ قەحبەی سەرجادەدا قسەم کردووە کە بۆ ئەو کارە دەکەیت؟ زانیویەتی موشتەری نیم، فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتوەتە خوارەوەو وتویەتی ناچارم و چی بکەم، بەخوا دەزانم خراپە، نەیگوت حەڵاڵەو ئاساییەو یەکسەر قسەی دڵی خۆی کرد، بابای بەناو مولحید بەقەدەر ئەوەش بیرناکاتەوە. لەبەر هەرهۆکارێك حەرامەکە دەکەیت بۆ دەتەوێت حەڵاڵیشی بکەیت! ئێمەی مسوڵمان ئەقڵمان هەیە، دەتوانین شت بەراورد بکەین، دونیامان دیوە، خۆ ئیسلامەتی هەر ئەوە نی یە تۆ شەو و رۆژ سەرت دابخەیت بەسەر قورئانداو بەردەوام لە مزگەوت بیت، قورئان یەکەم وشەی بە بخوێنە دەستپێکرد، پێشمان دەڵێ کە خوێندت بەناوی خواوە بخوێنە! چوون تۆ ئەگەر خوات لەبیرکرد ئیتر خوێندنیش بۆ خۆت قیمەتی نامێنێت! خوێندنێك نەتوانی حەقیقەتی پێ بدۆزیتەوە ئەوە چ خوێندێك و چ خوێنەواریەك و چ شەهادەیەکە. بەسەدان دکتۆرا هێنراوە لەسەر: ژیانی زەردەواڵە، مێشولە، مێروله، مارمێلکە، قالۆنچە، شەمشەمە کوێرە، مار، مارماسی، قورباق، پەپولە، مشك، جرج... ئەم دروستکراوانە، کە ئێمە هەر دیمان شڵپ فیشەکەی پێوە دەنێین و دەیکوژین، کەچی جێگەی تێڕامانن لای خەڵکی، کەچی بابای رۆشنبیرو خاوەن شەهادە! قسە لەسەر خوا دەکات و یەکسەر هەر لە رێگەوە قورئان و خوا رەد دەکاتەوە! کورە هەی داماو. تۆ هەموو ژیانت تەرخان بکەیت هێشا لە ژیانی قەلە رەشێك

تێناگەیت، کە بە راسەرتەوە رۆژ تا ئێوارە دەقیژێنێت، کوێرا هەولێری دەرێ گەشتیتە خوا.
عەزیزەکانم بیربکەنەو، رۆژێك دێت کە خۆشت نازانی چۆنە! هەر ئەوەندەت زانی تلّپ
کەوتیت ومردی، بەرانبەری خوای گەورە چی دەڵێی: تۆ دواتر بەرانبەر شەخسێکی ئاسای
رانەوەستاوی، خوای گەورە پرسیارت لێ دەکات؟ ئادەی بڵێ: ئەو هەموو نازو نیعمەت و
تەندروستی و توانام پێ بەخشیویت تۆ لەبەرانبەر ئەوەدا چیت کرد؟ چۆن لە رووت دێت
سەر بەرز بکەیتەوە! دەستەڵاتیکت وەرگرتبوو کوا؟ **لمن الملك اليوم!**.

کۆمپانیایەکەم هەبوو عەقدم لەگەڵ کۆمپانیەکدا کرد کە کاریان لەگەڵ بکەم، کارەکەم
ئەوە بوو بڕۆم بۆ ماڵان لەگەڵ نەخۆش و پیرەکانیاندا قسە بکەم و دڵیان بدەمەوە،
رۆشتمە ماڵێك سەرم سوڕما، هەموو دیوارەکانی شەهادەو جائیزەبوو هەڵواسرابوو، کابرا
خۆشی لەسەر قەرەوێڵە کەوتبوو، هەموو ئەوانەی بەلاوە بەقەدەر ئەوە خۆش نەبوو کە
ساتێك باسی ژیانی دونیاو کۆتایەکەیم بۆ کردا وتی: ئەم قسانەی تۆ دەڵێی دەست دەخەیتە
ناو دڵم، دەیجوڵێنی و ئاوی دەدات، هەرگیز لەیادم ناچێت کە خواحافیزم لێکرد وتی:
ئەمشەو زۆر بە ئاسودەی دەنوم.

چوار رۆژ قنج و قیتیت و دەتوانیت ریشت بتاشیت وجیڵ بدەیت لە قژت و تەلەفزیۆن
دەعوەتت بکات، دواتر ئەوە زوو تێدەپەڕێت،بۆیە بیر بکەرەوە کەلەمان نابێت هەر
لەتۆپاندا بەکار بهێنین.

لە بەریتانیا جلی کوردیم کردە بەرم و جامانەم قوت بەستەوەو رۆشتم بۆ مزگەوت، وتم خۆ چی یە جلی کوردی هەم شەرعیەو هەمیش جوانە، خۆ وەکو ئەوانە نیە کە ئێستە لە شارەکانی کوردستاندا بە پانتۆڵێکی دڕاوو کوت کوتەوە عەیب و شورەی، گەشتمە مزگەوت ئەوان دەستیان کردبوو بە نوێژ، منیش یەکسەر **الله اکبر** دەستم پێکرد، نوێژ تەواوبوو، من رکاتیکم مابوو، کە هەستام خەڵکەکە منیان دی بە پێوە بە جلە کوردیەکەوە! هەرکە سەلامم دایەوە هێڕشکرایە سەرم، نەمزانی مەسەلە چی یە! سەرەتا ترسام گەلەکۆمەم لێ بکەن، تا گەشتنە لام نەخێر هەمووی بە حەماسەتەوە ماچیان دەکردم، منیش وتم: خوا بیدات ناڵێ کوڕی کێیت، قیت لێی راوەستام، تا من یەکێکم ماچکردایە بیست کەس لەملاو لاوە منیان ماچ دەکرد، ئەی خوایە گیان ئەم هەموو مەحیبەتە زۆرە چی یە، ئەسڵەن من کێم! ئەمە خەوە یان راستیە! ئەم هەڵوێستە بوو بە گرێی دڵم تێنەگەشتم بۆ وایان کرد! تا لەسەفەرێکدا لە کوردستان باسم کرد بۆ باوام، ئەویش وتی: ئەوە کاتی خۆی شێخ عوسمانی خۆمان رۆشتوە بۆ ئەو وڵاتانەو دەعوەی کردووە،کە تۆیان دیوە شێوەی ئەویان کەوتووەتە بیر، بەم شکڵ و شێوەو جلوجامانە زانیویانە نەوەی ئەویت، بۆیە وایان بۆ کردوویت، ئیتر دڵم ئاوی خواردو گرێکە لە دڵما نەما. منیش وتم ئەی یاخوا ماڵی شێخ ئاوەدان بێت وا لەو کاتەدا خەمی دینی خەڵکی خواردووەو سەفەری وڵاتانیشی کردووە بۆی، ئای،

ئەمەمان چەن پێویستە ئێستە، بە رۆحیەتێکی پاك و ئەو زانیاریە زۆرانەش کە ئێستە لەبەردەستدایەو جاران نارەحەت بوون و بەدەست نەگەشتوون.

جا فلیمی کوردیم زۆرە بە جلی کوردیەوەو مەگەر بە تایبەت بیکەم بە نامیلکەیەك، هەر لە بەریتانیاوە گێچی کوردایەتیەکەم بەرز بوویەوە، خوا رەحمی کرد شەرێکیشم توشی خۆم نەکرد، چوون زۆرکەس وەم جلی کوردی و ناوی کوردیەوە هەر لە خۆیەوە گێچەڵ ئەکات! نەك وە خەڵکی بێگانە بەڵکو لەناو خۆشماندا، رۆشتم بۆ مەتار وەم شکڵ و شێوە، ئەڵحەق هەرکەس سەیری ئەکردم پێ دەکەنی، ئیتر نازانم پێکەنینەکە هی گاڵتە پێکردن بوو یان هی جوانیەکەی بوو، بەڵام یەژێ گومانی باش ببە، منیش لە دڵی خۆمدا دەمگوت: نا حەتمەن مەبەستیان جوانیەکەتی، بۆ لە خۆمەوە خراپ لێکی بدەمەوە، ئاخر بۆیە ئەمە یەژم لێرەدا بەخوا فرەکەسم دیوە خراپ لێکی دەداتەوە، فرە تولی نەدەمێ، گەشتمە مەتاری سلێمانی، خوا هەڵناگرێت فرە خاتریان گرتم، کارمەندێکیان جانتاکەشی بۆ کردمە بانی عەرەبانەکە، ئیتر نازانم هی رێزبوو،یان هی ئەوەبوو بەو ترۆتشقەڵەوە دەیزانی شتم پێ هەڵناگیرێت. جا لە مەتاردا وێنەکە لە کۆمپیوتەردا خەزن دەکەن، بۆ ئەوەی نەوەك خوانەخواسە کەسێ پاسەپۆرتەکە بدزێت و سەفەری پێ بکات، تا ئەوان بەراوردی بکەن و ملی بگرن و نەهێڵن بڕوات، ئیتر دوای ئەوە هەرجار سەفەرم ئەکرد لە مەتاردا وە نەوعێك سەیری شاشەی کۆمپیوتەرەکەی دەکردو سەیری منی دەکرد، منیش نازانم مەوزوع چی یە،

هەموو جارێك دەیووت: بڕۆ بەڵام تۆزێك گیریان دەدام، جا ناخۆشە لە مەتاردا گیرت بدەن، هەم بۆ خۆت وهەمیش خەڵك لە دواوە زۆر چاوەڕێیەو پەلە پەلەیەتی بڕوات، من نوێنەرایەتی موئەسەسەیەکی زانستیم دەکردو سەفەرم زۆر دەکرد، جارێکیان بلیتی ١٣ وڵاتم بڕیوەو خۆشی خۆشی چووم بۆ مەتار، کاکە نەخێر ئەمجارە مەوزوعەکە جدیەو کابرای مۆزەف هەرچی سەیری کۆمپیوتەرەکەی دەکردو سەیری منی دەکرد رووی گرژتر دەبوو، منیش ئەی خوا تۆ بێژی چتێکم کردبێت و خۆم نەزانم، ئاخر برا بەخوا لە وڵاتی خۆماندا زۆرجار ئەوە روویداوە، من بیستوومە کەسێکیان لە جیاتی کەسێکی تر کوشتووە، ئەوە تێهەڵدان و عەزیەت هەر باس مەکە. کابرا وتی بوەستە! کاکە فوی کرد وە جیهازاو داوای کرد قوات بێت! منیش لە دڵی خۆمدا وتم نەخێر دیارە گەرمیانی یەژێ مەسەلە قویلە، مەسولێکیان هات هەردووکیان ملیان لارکردەوە بەلای کۆمپیوتەرەکەدا، سەیری کۆمپیوتەریان دەکردو سەیری منیان دەکرد ملیان با ئەدا، جا یەژێ خوا دەلیلی داماوە، کەوتە بیرم، جل و جامانە کوردیەکە،

فێنکی هاتە دڵما، وتم سرەکەیم دۆزیەوە، وتم ئەرە براینە قسەیە بکەم، وتیان: فەرموو کاکە؟ وتم: ئەگەر ئێوە لە کۆمپیوتەرەکەدا کەسێك دەبینن جلی کوردی مەلەکی و جامانەو تەزبیح و ئەو شتانەیە ئەوە هەر خۆمم! کاکە هەروام وتم هەردوکیان رویان گەشبویەوەو پێکەنین، وەك بڵێی ماڵت ئاوا ئێمەشت لەو دوو دڵیە رزگارکرد،

وتم: براینە ئەوە کاتێك بوو لە بەریتانیاوە گەڕامەوەو کوردایەتیەکەم فوڵ بوو، ئێستە ئەوە حەفتەیەکە نە ئاو نە کارەبامان نی یەو بالانسی کوردایەتیەکەم سفر بووەتەوە، جا مەردی خوابن ئەو رەسمە بسڕنەوە رەسمێکی تری ئێستەم خەزن بکەن، چوون ئەوە یەك جار بوو، وەك رۆژی جلی کوردیەکە، من رۆژەکانی تر هەمووی ئاوام وەك ئێستە کە دەمبینن، ئیتر مەمنونیانم وە قسەیان کردم و دوای ئەوەی ئیتر لە مەتار قەت رایان نەدەگرتم، جا ئەم جلی کوردی و کوردەواریشە هەندێك جار نیعمەتەو هەندێك جاریش نیقمەتە. جا ئەوەی پێویستی بە گۆڕانە لە سستمی حوکم و کۆمپیوتەری حکومەتدا ئەم شتانەیە، تا کێشە دروست نەکات، نەك گۆڕینی دین و عەقیدەی خەڵکەکە. خیتامی پێ دەهێنم بەوەی جارێکیش لە ئیبراهم خەلیل گیریاندا‌ین بەهۆی ناوی محمدی کوڕمەوە، وتیان ناوی هەیە، محمدیش لە باوەشی دایکیدا بوو، وتم برا محمد ئەوەیە ئێستە دایکی حەفازەکەی بۆ گۆڕی ناوی چی هەیە! وتی بەخوا ئیتر وایەو ئێمەش ناتوانین هیچ بکەین تا ناوەکەی لە بەغدادەوەنەیەتەوە، ئەوەندە گیریان داین لەو مەرزەدا، تا ناوەکەی هاتەوە محمد دوو بتڵ شیری خوارد. لە دڵی خۆمدا وتم ئاواش دەوڵەتەکە را دەگەیەنن.

ئەم بەرهەمە وەك وتارو بەخێرایی پێشکەش کراوە، بەڵام زادەی خوێندن و خوێندنەوەو دونیا بینیەکی زۆرە، بۆ کەسێك هەم دڵی و هەمیش مێشکی بکاتەوە.

رەحمەت لە شاعیر کە زۆر جوان وتوویەتی:

سـەرکە جۆشـێکی نەبێـت، مـن زرکـەتـاڵم بـۆ چیـە؟

دڵ کـەهۆشێکی نەبێت ، شیشـەی بەتاڵم بـۆچیـە؟

# قیبلە

د. عومەر عەلی

٢٠١٩